
بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز محەمەد ئەحمەد ئەلمەیاحی سەرکی پەرلەمانی عەرەبی کرد لەم کۆبوونەوە ئەحمەد جبووری جێگری سەرکی پەرلەمانی عەرەبیش ئامادەبوو.



لەسەرەتای دیدارەکە بەڕێز حەکیم خۆشحالی خۆی دەربڕی بەو سەردانە یەك بەدوای یەکانی کۆسایەتییە عەرەبەکان بۆ عیراق دەیکەن و گوتی : ئەو سەردانانە تیشك دانەوەی ئەو سەقامگیرییە یە کە عیراق بەخۆیەوە بینیوە و رۆڵی کاریگەری سیاسی خۆی لەناوچەکە و دەروبەری دەگێڕێت.
سەماحەتی حەکیم ئاماژەی کرد کە عیراق ئامرە لە دەخێکی سەقامگیری سیاسی و کەمڵایەتی و ئەمنی تێپەڕ دەبێت کە پێشتر بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەوەش یارمەتیدەر بووە لە کەسیە ناوچەیی و عەرەبییەکاندا، لەسەرووی هەموویان دەسەی فەلەستینی و داواشی کرد دامودەزگایە عەرەبییەکان بەرپرسیارێتی خۆیان لەئاگرتنی شەی غەزە پیشان بدەن و کۆتایی بە مەینەتی ئاوارە فەلەستینییەکان بهێنن.

سەماحەتی ئاماژەی بەو ئامادەکارییانە کرد کە بۆ ئەنجامدانی لووتکەی عەرەبی دەکرێت و سەماحەتی جێختی کردەوە لەسەر ئەوەی پێویستە ئەو لووتکانە تیشکدانەوەی ئەو کاریگەرییانە بن کە هەیەتی نێتەوەی عەرەبی دەبێتەوە، هەروەها پێویستە هەڵوێستێکی یەکگرتووی هەبێت و هەماهەنگی لە نێوان پەرلەمانە عەرەبەکان هەبێت و ئەزموون ئاوگۆڕ بکەن بۆ پتەوکردنی کاری پەرلەمانی هاوبەش.

لەلایەکەوە، بەڕێز حەکیم ئماژەی بۆ گفتوگۆی لایەنە جیاوازەکانی ناوچەکە دا و داوای کرد پالپشتی ئەو جۆرە هەوڵانەی گفتوگۆ بکرێت لەبەر ئەوەی کاریگەری ئەرێنی لەسەر پتەوکردنی ئەمن و سەقامگیری ناوچەکە هەیە و دووپاتیشی کردەوە کە سەقامگیری ناوچەکە لەبەرژەوەندی هەموو لایەنەکان دەبێت.